# وەرزانەی ئەوینێکی پاییزی

ژاوێن شاڵی
(سلێمانی)

**بەهار**

لە بەهاری خەیاڵێکی سەوزەوە دێمەوە
لە بێستانی دڵ، مۆنامۆی هیچ ئەوینێک
نابیستری!
وەتەرەکانی دڵ ئیستێک دەکەن
تەنهاییم ئەبیستری..

**هاوین**

لەگەرمەسێری ئەوینێکی سەردەمیانەوە
بەرەو وڵاتی خۆم رجوع دەبمەوە
باوەش بە میهرەبانی جادەی چۆڵ و
کووچەی تەنیا و
چرپای پڕ نازی کچانە و
پشتی سەرکەشا ئەکەم..
هەواری دوور بەجێ دێڵم
نامەوێ هەناسەیەکم لە لێواری ئەم غرووبە
لەکیس بچێ
لە وێندەرێ.. باگڕەیە
شنەی شەماڵی سەحەرێ بەدی ناکرێ!
تای تاسانێ سەراپامی داگرتووە
قومێ ئاوی فێنکم ئەوێ..

**پاییز**

لەگەڵ لە دایکبوونێکی نوێدا نوێ ئەبمەوە،
گەرچی پاییز پەژموردە بێ!
چاو بۆ بەرگێکی شەنگتر ناگێڕم
لەو خاڵەدا ڕەش و سپی یەکسان ئەبێ
بەرگی خەزانی ئەم ئەوینە دائەکەنم،
سبەینێ ژاڵە و نێرگز چرۆ دەکەن
لاولاو لە باڵام گیر ئەبێ..

**زستان**

لە سەهۆڵبەندانی شاخێکی فشەڵەوە
ڕێ دەکەم
هەنگاوم بەهیچا ڕۆ ئەچێ!
قەیتانی کالەکەم توند ئەکەمەوە
نامەوێ، نیگایەکم دزەبکا و
هەنگاوێکم لە جێ بچێ..

